# ساڵیادی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال
# لە وولاتی نەرویج بەردەوامە

لەدوای ئەوەی لیژنەی سەرپەرشتی ساڵیادی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە وولاتی نەرویج ، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 24 ی مارس ی ساڵی 2006 کاتژمێر 1 ی پاش نیوەڕۆ  بە کردنەوەی  پێشانگایەک بۆ هونەری شێوەکاری لە هۆڵی گەلەری مۆزەخانە و کلتوری نێودەوڵەتی IKM کە تیایدا دەیان کاری کۆمەڵێک هونەرمەندی کوردستانی ، تابلۆ و فۆتۆگراف وپەیکەرتاشی  لە ( ئۆسلۆ ) ی پایتەخت ڕێکەوتی 25 ی مارس  کۆتایی بە چالاکییەکانی هێنا بە ئامادەبوونی ژمارەیەک کەسایەتی کوردستانی و نەرویجی ، پێشانگاکە لە لایەن ( پیتەر ئایدە ) سکرتێری گشتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەشی نەرویج کرایەوە و ، لە دوای چەند وتەیەکی بەنرخ ، سومبوڵی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و پەرتوکی وێنەکانی کارەساتی کیمیابارانی شاری  هەڵەبجە ی  لەگەڵ  هەریەک لە ( ترۆند توربیۆرنسن ) بەرپرسی ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەز پەرستی لە نەرویج  و  ( خاتوو دانیێلا ) نوێنەری گەلەری مۆزەخانە و کلتووری نێودەوڵەتی لە ئۆسلۆ،پێشکەش کرا  .

هەروەها هەمان پێشانگا لە شاری ( کریستیان سەند ) لە ڕۆژانی 7 و 8 و 9  مانگی ئەپریل ئەکرێتەوە و لە پاشان دەگوازرێتەوە بۆ شاری ( بێرگن ) و کۆمەڵێک شاری دیکەش و ، لە کات و ساتی گونجاودا ڕاگەیاندنی بۆ دەکرێت .

ساڵیادی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە وولاتی نەرویج لە ڕێکەوتی 16ی مارس  لە ( ئۆسلۆ ) و شاری ( کریستیان سەند ) و 18 ی مارس لە شاری ( بێرگن )  بە ڕێپێوانیکی شایستەی سەدان مەشخەڵ بەدەستەوە بەڕێوە چوو ، هەروەها ڕێکەوتی 18 ی مارس لە  ( ئۆسلۆ ) و شاری ( بێرگن ) و 27 ی مارس لە شاری ( کریستیان سەند ) لە هۆڵی سینەما بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە

کوردستانیان و بێگانە نمایشی دیکۆمێنتی کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و چوار کورتە فلیمی کوردی و پێشکەشکردنی چەند پارچە مۆزیک و گۆرانی کوردی لە خۆگرت و ، بەمەبەستی بەرەو بەجیهانی کردنی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و یاداشتنامە پێشکەش بە پەرلەمانی وولاتی نەرویج و سەرجەم پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان کرا .

شایەنی باسە ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەز پەرستی لەنەرویج لە پێش ئەم ساڵیادە، هەردوو کارەساتی ( هەڵەبجە ) و( ئەنفال ) وەک دوو تاوانی ڕەگەزپەرستی دەوڵەتی و پاکتاوکردنی نەژادی دژ بەگەلی کورد بە شێوەیەکی فەرمی سەلماند .

گرنگی ئەم بڕیارە لە لایەن گەورەترین ڕێکخراوی دژ بەرەگەزپەرستی لە ئەورووپادا دانپیانانێکی ئاشکرایە دەکرێت وەک بەڵگەیەکی یاسایی لە پێناو بە جیهانی کردنی ساڵیادی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال وەک هەنگاوێک بەکار بێت .

لیژنەی یادکردنەوەی ساڵیادی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە وولاتی نەرویج تەنها بۆ ساڵیادی 2006 پێکهاتووە و، بۆ ئەم ساڵ ویستمان یادکردنەوەی ئەم دوویادە پیرۆزە پێکەوە گرێ بدەین و کاتی پێویست و نرخی مەزنی خۆیانی بدەینێ ، کلاسیکی نەبێت و ، بەشێوەیەکی نوێ هاوکات لەگەڵ هەوڵی بەجیهانی کردنی ئەم دووکارەساتە بەشێک لە کلتور و هونەری کوردستانیمان پێشکەش بە کۆمەڵگای نەرویج بکەین ، بە کورتی هەوڵمان داوە بڵێین : هەر چەندە گەلی کورد بە دڕندانەترین شێوە هەوڵی قەلاچۆکردنی دراوە بەڵام زیندووین و بەرەو سەرکەوتن و پێشکەوتن ئەڕۆین و ، لە تاریکستانی ئەم دوو کارەساتە بە دوای ڕوناکی و لە مێژووی تاوان دژ بە گەلەکەمان بە دوای ئومێدی سەرکەوتندا گەڕاوین .

بەو هیوایەی بشبێتە هەوڵێک لە جوڵانەوەی ڕۆشنبیری کوردستانی مۆدێرن لە وولاتی نەرویج دا .

لیژنەی سەرپەرشتی ساڵیادی هەردوو کارەساتی ( هەڵەبجە ) و( ئەنفال ) لە نەرویج

* ڕێکخراوی ماڵی ڕوناکبیری سەلام لە کوردستان .
* گروپی کوردی لە ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەزپەرستی لە نەرویج .
* هەندێک کەسایەتی سەربەخۆ لە نەرویج .

ئیدریس سابیر / ئۆسلۆ